پرۆفسیۆر دۆمنیک جۆنسۆن لە ئامۆژگای وردوولسن بۆ گوڵان:

# حکوومەتی عێراق خۆی گرفتی سەرەکییە، نەک هۆکارێک بێت بۆ چارەسەری بارودۆخەکە



**پرۆفسیۆر دۆمنیک جۆنسۆن کە توێژەر و تایبەتمەندە لە کاروباری نێودەوڵەتی و سیستەمە فیدرالییەکان لە ئامۆژگای وردوولسون و لەم ماوەشدا کتێبێکی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە بەناونیشانی«Falining to win perepption of victoryand Defeain Internati .nar policy» پرۆفسیۆر جۆنسۆن چەندین وتاری گرنگیشی لەسەر هەڵەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و سیاسەتی نێودەوڵەتی بڵاو کردۆتەوە، سەبارەت بەبۆچوونەکانی ئێستای بۆ ئایندەی عێراق و کوردستان گوڵان چەندین پرسیاری ئاراستەی کردوو بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە، ئەمەش دەقی بۆچوونەکانی پرۆفسیۆر جۆنسۆنە بۆ گوڵان:**

## عێراق لەوپەڕی خراپیدایە، حکومەتی مالکیش بێ دەسەڵاتە

داننان بە واقیعی خراپی عێراقدا بەشێوەیەکی واقعییانە، دژایەتیکردنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و حکومەتی مالیکی ناگەیەنێت، بەڵکو بە دواداچوون گرنگیدانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەوەی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لەم تەنگژەیە ڕزگاری بێت کە تێیکەوتووە، لەم ڕوانگەیەوە، ئەمەریکا هیچ ڕێگە چارەیەکی لەبەردەمدا نییە بێجگە لەوەی دەبێ واقعیی عێراق وەک خۆی ببینێ دەربارەی ئەم واقیعە تاڵەی عێراق پرۆفسیۆر دۆمنیک جۆنسۆن بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

«من لە کتێبەکەمدا«Falining to win» ڕاشکاوانە ئەو بەڵگانەم خستۆتە ڕوو کە بە ئاسانی ئەو بارودۆخەمان پیشاندەدا کە چۆن باسدەکرێت ولەسەر ئەرزی واقیعی عێراقیش چی هەیە، هەربۆیە بارودۆخی عێراق زۆر لەوە قورسترە کە بەم شێوەیەی ئێستا چارەسەربکرێت، هەندێک مەسەلە بە باشی بەرێوە دەچن، بەڵام ئەو هەنگاوە بۆخۆیان هەنگاوی هەڵەن و لە ڕای گشتی ئەمەریکادا قبوڵ ناکرێت، من لەو کتێبە دا باسی کۆمەڵێک لەو بۆچوونانە دەکەم کە پێیان وایە عێراق بەرەو شکست هەنگاو هەڵدەگرێت و دەبنە زیاتر هاندانی سلبی بۆ بارودۆخی عێراق، بەڵام ئەو بۆچوونانە ڕاستن و بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەچێت وەک

دەبینین.

لەم بارودۆخەدا دەبێ ڕاشکاوانە دەست لەسەر هۆکارەکان دابنێین، ئیدارەی بوش پشتی بە حکومەتی عێراق بەستووە، بەڵام حکومەتی عێراق لە ڕاستیدا خۆی گرفتەکەیە نەک هۆکاری چارەسەری بارودۆخەکە، بۆیە زۆر پێویستە ئەم حکومەتە بگۆڕدرێت، دەبێ حکومەتی دوای ئەم حکومەتە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی لەگەڵ ستراتیژی تازەی ئەمەریکا یەکبگرێتەوە بتوانێت هێزەکانی بەرپرسارییەتی ئەم بارودۆخە هەڵبگرن.

لەم بارودۆخەی ئێستادا ئەمەریکا هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ، بەڵام حکومەتی عێراق هەنگاوێکی ئەوتۆی هەڵنەگرتووە، پێموایە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەبووە و باری ئاسایشی ئەوەیە کە لەسەر ئەرزی واقیعی عێراق دەیبینی، هەربۆیە گرفتەکان دوو ئاراستەی جیاوازی وەرگرتووە لایەک دەیەوێت بارودۆخەکە هێوربێت و لایەکی دیکە دەیەوێت بتەقێتەوە ئەمەش واقیعی ئەمڕۆی عێراقە.

## کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و لەبەر یەکهەڵوەشانی عێراق

هەندێک بۆچوون لە ناوەندەکانی توێژینەوەی ڕۆژئاوا بەو ئاراستەیە بەرێنمایی ئیدارەی بوش دەکەن کە لە ماوەیەکی کورتدا ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراق بکشێتەوە. هەندێک بۆچوونی دیکەش کە بێگومان دەبنە کەمینە داوای مانەوەی زیاتری هێزەکانی ئەمەریکا دەکات و بۆ ئەوەی عێراق لەبەر یەکهەڵوەشێت.

**دەربارەی ئەم بۆچوونانە پرۆفسیۆر دۆمنیک بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:**

«پێش هەر شتێک کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لەم بارودۆخەدا کارەساتە، زۆر ئیحتیمالیشە ئەو کارەساتە ڕوودات ئەگەر ئەمەریکا بە پەلە هێزەکانی بکشێنێتەوە، بەڵام ئەگەر بە بەرنامە و بەشێوەیەکی لەسەرخۆ هەنگاو بە هەنگاو دەست پێبکات، دەتوانێت زەمینەی ئەوە خۆش بکات هێزەکانی عێراق ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرن کە ئێستا لەسەر شانی ئەمەریکایە

من لەگەڵ ئەوەم ئەمەریکا ناتوانێت ئەو هەموو هێزەی لە عێراقدا بێت، بەڵام بوونی هێزەکانی ئەمەریکاش نەبێت عێراق دەبێتە شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری.

لەم بارودۆخەدا بۆچوون بە ئاراستەی گەشبینی بۆ یەکپارچەیی عێراق کارێکی زۆر قورس دەبێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا پاراستنی یەکپارچەیی عێراق تەنیا چارەسەرە.

لەوانەیە هەندێک مەسەلەی دیکەی وەک کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دامەزراندنی دوو دەوڵەت کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام بارودۆخی عێراق زۆر جیاوازترە لە بارودۆخەی ئیسرائیل و فەلەستین و لەبەر یەکهەڵوەشانی عێراق دەبێتە کارەساتێکی گەورە، هەربۆیە یەکپارچەیی عێراق تەنیا ڕێگەچارەیە.

هەربۆیە لەم دۆخەدا، پێشنیاری من بۆ عێراقییەکان ئەوەیە کە هەوڵبدەن توندوتیژی کەمبێتەوە و ئاسایش بەرقەراربێت، ئەمەش باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی ئایندەی نەدۆڕێنین، ئەگەر نەتوانن ئەم کارە ئەنجامبدەن بونیادنەوەی عێراق دەبێتە کارێکی مەحاڵ.

بۆ کوردیش من پێشنیارم ئەوەیە بڕیاری بە پەلە نەدەن، ئێستا پەنجەرەی هەلێکی باشیان بۆ کراوەتەوە دەبێ سوود لەو هەلە وەربگرن، ئەگەر لەم بارودۆخە بە پەلە بڕیاری سەربەخۆیی بدەن ئەوا ئایندەی کورد ئەو هەلەی بۆیان ڕەخساوە نامێنێت و کارەسات دروست دەبێت.

## هەرێمی کوردستان هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمەریکادا

دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکان لەلایەن تونی بلێری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاوە لە باشووری عێراق، ئێستا لە عێراقدا کورد نزیکترین هاوپەیمانی ئەمەریکایە، بەڵام ئەم هاوپەیمانییە بۆ ئەوەی بەهێزتربێت و بتوانرێت هەردوولا بەرژەوەندیەکانییان پارێزراوبێت، ئەوا پاراستنی سەقامگیری کوردستان دەبێتە مەرجی سەرەکی، هەربۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمەریکا ئەم دەڤەرە سەقامگیرە دەپارێزێت؟ یان هەوڵدەدات بنکەیەکی سەربازی لەم هەرێمە دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەڕەشە نەبێتەوە؟

**پرۆفسیۆر جۆنسۆن بەمجۆرە شرۆڤەی بارودۆخەکە و وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**

« ئەگەر باسی هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەین، دەبێ ئەوە بزانین کە ئێستا پەیوەندیەکانی تورکیا بەئاستی پەیوەندییەکانی پێش شەڕی عێراق نییە، لەبەر ئەوەی تورکیا دژی هاتنی ئەمەریکابوو هەروەها ڕێگەی نەدا هێزەکانی ئەمەریکا لە تورکیاوە بەرەی باکوور بکەنەوە، هەربۆیە ئەگەر تورکیا بیەوێت هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازی بکات ئەوا نەک ئەمەریکا بەڵکو نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕێگە نادەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئێستا ئەمەریکا بۆ هەمووشتێک گوێ لە تورکیا ناگرێت و هەمووشتێکی ڕێگە پێنادات.

دەربارەی دانانی بنکەیەکی سەربازیش لە کوردستان، من پێموایە نەک تەنیا کوردستان بەڵکو ئەمەریکا پێویستی بەوەیە لە هەر سێ هەرێمەکەی عێراقدا بنکەی سەربازی هەبێت، بەڵام بە تەنیا بۆ کوردستان لەو بڕوایەدانیم.

**کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لەم بارودۆخەدا کارەساتە**

**ئەمەریکا ناتوانێت ئەو هەموو هێزەی لە عێراقدا بێت، بەڵام بوونی هێزەکانی ئەمەریکاش نەبێت عێراق دەبێتە شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری.**

**بۆ کورد پێشنیارم ئەوەیە بڕیاری بە پەلە نەدەن، ئێستا پەنجەرەی هەلێکی باشیان بۆ کراوەتەوە دەبێ سوود لەو هەلە وەربگرن، ئەگەر لەم بارودۆخە بە پەلە بڕیاری سەربەخۆیی بدەن ئەوا ئایندەی کورد ئەو هەلەی بۆیان ڕەخساوە نامێنێت**